


# کامێرای Casio TRYX جیاواز لە کامێراکانی دی




ڕەنگــە زۆرجار ئەوەتان بــۆ هاتبێتە پێش کە بتەوێ وێنەی دیمەنێك لە خوارەوە ڕابگری. بەڵام نەتتوانیــوە یان نەکراوە دابێیەوە و یان درێژ ببی و بە درێژبوونەوە وێنەکە بگری.

کامێرای Casio TRYX بۆ ئەومەبەستە هاتۆتــە بەرهەم کە لە هەر گۆشـــەیەکەوە حەز بکەی وێنــە بگــری. کوالیتـــی وێنەگرتنی کامێــرای ناوبراو 12 میگاپیکســـلە. هەروەها توانای وێنەگرتنی ڤیدیۆیشـــی هەیە. شاشەی کامێراکــە دەتوانێ 360 پلە بە دەوری خۆیدا بسوڕێ. هەروەها عەدەسەی کامێراکە 21 ملمە و توانای وێنەگرتنی پانۆرامایی هەیە.

# ماوسی سکاینەر یا سکاینەری ماوس!

کۆمپانیای LG لەم دواییانەدا ئامێرێکی هێنایە بەرهەم، نازانین پێیبڵێین ماوســـی ســـکاینەر، یان سکاینەری ماوس! ئەو ئامێرە ســـەرنجی زۆر لە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشـــێ. ئامێرەکە کە ناوی SM 100ـە، بە ڕواڵەت وەك ماوسێکی ئاســـایی دەچێت. بەڵام لە پشتەوەی ماوسەکە ڕووپۆشـــێکی شوشەی لەسەرە، لە ژێر ڕووپۆشەکەدا 5 گلۆپی LED داندراوە کە بۆ مەبەستی سکانکردنی سوودیان لێ دەبیندرێ.

ماوســـەکە لەکاتی ئاســـاییدا ماوسە، بەڵام کاتێك کە ویستت وێنەیەك ســـکان بکەی، ئەوەندە بەسە کە دوگمەی سکانکردنی سەر ماوسەکە لێبدەی، بەداگرتنی دوگمەکە، پرۆگرامی تایبەت بە سکانکردن ئەکتیڤ دەبێت.



# مۆبایلێک بەدیزاینێکی سەرنجڕاکێشەوە



گەر لەو وێنەیە رامێنن، رەنگە نەزانن ئەوە وێنەی چ ئامێرێکی گرنگی ژیانی رۆژانەمان بێت. ئەوە وێنەی مۆبایلێکی نوێیە. کە زۆر لەمێژ نییـــە بەرهەم هاتووە. مۆبایلە نوێیەکە کە بە هاندی Cryptex ناســراوە، وەك لولەیەك دەچێت. لەسەر ئەم لولەیە چەندین ئەلقە هەیە. کە لەسەر هەرکام لەو وێنانە ژمارەیەك دەبیندرێت. بەکارهێنەر دەبێ بۆ گرتنــی ژمارە مۆبایلێك ئــەو ئەلقانە بسورێنێ، تا ژمارەکە وەردەگرێ.
مۆبایلەکە زیاتــر وەك ئامێرێکی سەرنجڕاکێش بەرهەم هاتووە، ئەگینا بەو سیســـتەم و شـێوازی دژواری کارکردن بەو ئامێرە، کەم کەس هەیە ئەو مۆبایلە بەکار بێنێ.




# داهاتووی ئۆتۆمبێل بەرەو کوێ؟

ئەو ئۆتۆمبێلەی دەبینین بەناوی EN-V لەلایـــەن کۆمپانیـــای جەنـــەراڵ مۆتـــۆرەوە هاتـــە بەرهەم و لە پێشـــانگای ســـاڵانەی CES2011دا نمایش کرا. رەنگە کە سەیری بکەین، هیچ وەك ئۆتۆمبێلی نەبینن، چونکە نەك بێچـــم و قـــەوارەی وەك ئۆتۆمبێل دەچێ و نە سیستەمی کارکردنی.
بەڵام گـــەر تایبەتمەندییەکانی ئەو ئۆتۆمبێلە بزانن، سەرتان سور دەمێنێ.
ئـــەو ئۆتۆمبێلە تەنیا بۆ ناو شـــار دەگونجێت. کێشـــەکەی تەنیا 500 کیلۆیە. خێرایی رۆیشتنی تەنیا 50 کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکـدا و تـــەواو کارەباییە، بە یەکجار شەحن کردنـــەوە دەتوانی 50 کیلۆمەتر برۆی. بەڵام تایبەتمەندییەکانی هەر ئەوەنـــدە نین، تایبەتمەندییـــە گرنگەکانی لە دیزاینـــە سەرنجڕاکێشەکەشـــی دا نییە. لەو ئۆتۆمبێلـــەدا لـــە نوێترین تەکنۆلۆژیا ســـوود وەرگیراوە. بۆ رۆیشتنی هیچ سوکانێك نییە، هەر ئەوەندە بەســـە کە ئەوەی سواری بووە، تۆزێك خۆی بۆ پێشەوە لار بکاتەوە، ئیدی ئۆتۆمبێلەکە دەڕوات. بۆ چوونە دواوەش هەر ئەوەندە بەســـە خۆت بۆ دواوە لار بکەیەوە. خاڵی ســـەرنجی ئەو ئۆتۆمبێلانـــە لەوەدایە کە دەتوانن لەگەڵ هاوشـــێوەکانیان گفتوگۆ بکەن!! گفتوگۆی وەك ئێمـــەی مرۆڤ نا، بەڵکـــو تێك بگەن! ئـــەو ئۆتۆمبێلانە قەت پێکـــەوە دەعم ناکەن، واتە گەر بـــۆ لای یەك بێن، بەرلەوەی خۆیان لێك بدەن، دەوەســـتن، ئەو ئۆتۆمبێلە تەنانەت خۆیام لەو مرۆڤانە نادەن کە بە رێگادا دەڕۆن. تایبەتمەندییەکـــی دیکەی ئـــەو ئۆتۆمبێلە ئەوەیـــە کە گـــەر یەکێکیان پێـــش بکەوێت. ئەوانەی دیکە ئۆتۆماتیکی وەدوای دەکەون. پارك کردنی ئۆتۆمبێلەکەش زۆر جێگەی ســـەرنجە، دەتوانی لەسەر مۆبایلەکەت را فەرمانـــی پێبدەی و ئەویش بچێت خۆی پارك بکات!!



## پرێنتەرێک بۆ ئارایش کردن





لە پێشانگای ساڵانەی CESدا، ئەمساڵ، پرێنتەرێك سەرنجی زۆر لە بەشداربووانی پیشانگاكەی بۆ لای خۆی راكێشا. پرینتەرەكە ئەركی ئەوە نییە كە دەقی سەر كۆمپیوتەر بخاتە ســەر كاغەز، بەڵكو ئەركەكەی تەنیا لە خزمــەت ئافرەتاندایە، ئەویش وێنە پرێنت كردن لەســەر نینۆكە. زۆر بەئاسانی دەتوانی ئەو وێنەی كە مەبەستە بیدەیە پرینتەرەكە و لەشاشەی پرینتەرەكەدا سەیری بكەی و پەنجەكانت لەو شوێنە دابنێی كە بۆ ئەو مەبەستە داندراوە. پاشان وێنەكە لەسەر نینۆكەكانت چاپ دەبێت.

پرینتەرەكە نــاوی ArtPro Nail Printer یە. خــودی پرینتەرەكە دەیان وێنــەی تایبەتی تێدایە دەتوانی یەكێكیان هەڵبژێری و لەســەر نینۆكەكانت چاپی بكەی.


## بە دانانی ئیمێل فەیسبووک دەگاتە لوتکە




سایتی فەیسبوك لەگەڵ ئەوەیدا كە تەمەنی بە بەراورد بە ســایتە مەزنەكانی وەك گوگل و یاهوو كەمە، بەڵام لە ئاســت خزمەتگــوزاری و راژەی بەشــداربووانی، خۆی گەیاندۆتە لوتكە. لە ساڵی 2010دا فەیســبوك لە ریزی سێهەم دابوو، بەڵام بە دانانی خزمەتگوزاری ئیمێل لەســەر فەیسبوك بۆ بەشداربووانی، رەنگە لە ساڵی 2011دا بگاتە ریزی یەكەمی سایتە گرنگەكانی جیهان.


دوو مانگ لەمەوبەر فەیســبوك رایگەیاند كە خزمەتگــوزاری ئیمێل بۆ بەشــداربووانی دادەنێ، ئــەوكات پســپۆرانی بــواری تەكنۆلۆژیای نوێ پێیانوابوو بەدانانی ئەو خزمەتگوزارییە فەیســبوك دەگاتە لوتكە. بەرێوەبەری ســایتی فەیســبوك، رایگەیاند كــە خزمەتگوزاری نوێی فەیســبوك تەنیا ئیمێل نییە، بگــرە ناردنی SMS و چاتی فەیســبووكی و كۆمەڵێك خزمەتگوزاری دیكەیە. هەرچەندە ئێســتاكە خزمەتگوزاری ئێمل تەنیا بە دەعوەتنامە لەلایەن بەشــداربووانەوە دەبێــت، بوونی نــاوی ئەكانت واتە Username لە فەیســبووكدا، مەرجی سەرەكی ئیمێلی فەیسبوكە. خزمەتگوزارییەكــی هەرە گرنگ لە فەیســبووكدا كە لــە هیچ كام لە ســایتەكانی هاوشــێوەی دا نییــە، بوونــی ناردنــی SMSـــە بــۆ مۆبایل. لــەو كاتەدا كــە ئیمێلەكە دەنێــری، دەتوانی خانــەی ژمارەی مۆبایلی ئەوكەســەی كە نیازت هەیە ئیمێلەكەی بۆ بچێت ســەرح لێبدەی و ئیدی ئیمێلەكە راستەوخۆ بۆ مۆبایلەكە دەچێت. بە دانانی ئەو خزمەتگوزارییانە لە فەیسبووكدا، ركابەرییەكــی جــددی كەوتۆتە نێــوان گوگل و فەیســبووك، كە تا ئێستا گوگل وەك یەكەم سایتی جیهان سەیر دەكرێت.

## گوگل و حەلکردنەوەی سودوکۆ

جەدوەلی ســوودكۆ زۆر لەمێــژ نییە هاتۆتە ناو رۆژنامــەی كوردییەوە، ئێستاكە زۆر لە رۆژنامەكان لە لاپەرەی رەنگاو رەنگیاندا جەدوەلێكی سودۆكۆ دادەنێــن، جەدوەلی ســودوكۆ كە خۆی لە 9 خانەی ســتوونی و 9 خانەی ئاسۆیی پێكهاتووە، دەبێ هەركام لە خانەكان ژمارەی 1 هەتا 9ی تێدابێ و هیچ كام لە ژمارەكانیش دوویات نەبنەوە لە ریزێكدا.

ئەگەر تۆ یەكێكی لەو كەسانەی ئۆگریت بە حەلكردنەوەی سودوكۆیە، دەتوانی وێنەیــەك بە مۆبایلەكەت لە جەدوەلەكــە بگری و بیدەی بە گوگل. ســایتی گوگل بــە پرۆگرامێكی تایبەتی كە بۆ ئەو مەبەستە دایهێناوە، جەدوەلەكەت بۆ حەل دەكاتەوە. پرۆگرامەكە ناوی Google Gogglesیــە. دیارە پرۆگرامەكە زیاتر لەگەڵ مۆبایلی ئایفۆن و ئەندرۆید دەگونجێت.



# یاری Jurassic Park Operation Genesis گەڕانەوەی دایناسۆرەکان

دایناســۆرەکان ئەو گیانلەبەرە زەبەلاحانەی کە بەر لە مێژوو بوونیان هەبووە، بۆتــە بیرۆکەی چەندین فیلم و یــاری ئەلیکترۆنی. یــاری Jurassic Park Operation Genesis یەکێکە لەو یاریە ســەرنج ڕاکێشانە کە باسی گەڕانەوەی دایناسۆرەکان دەکات. ئەم یارییە تایبەت بە تەمەنێکی دیاریکراو نییە، بگرە بــۆ هەموو تەمەنەکان دەگونجێت. لەم یارییەدا مرۆڤەکان لە دوورگەیەك دا دەژین، لەناکاو دایناســۆرەکان زیندوو دەبنەوە و مرۆڤەکانی دورگەکە کە کاراکتەری یارییەکەش یەکێکە لەوان، دەبێ خۆیان لە چنگ دایناسۆرەکان ڕزگار بکەن. لە یارییەکەدا چەندین جۆری دایناســۆر هەیە، گۆشتخۆر و گیاخۆر و باڵندە. هەموو دایناســۆرەکان ژیان بــە خەڵکی دورگەکە ناگەیەنــن، گیاخۆرەکان لە یارییەکەدا یارمەتیدەرن. یارییەکە لە بواری گرافیکیەوە زۆر لەسەرێیە، بەجۆرێك وا هەســت دەکەی بەراستی لەجیهانی دایناسۆڕەکاندا دەژی. دیمەنەکانی ئاو و هەور و باران یارییەکە دڵگیرتر و ســەرنج ڕاکێشتر دەکەن.

# کتێبخانەیەکی دیجیتالی دروست بکەن



# سایتێک بۆ وەرگرتنی وێنە بە کوالیتی بەرز

سایتی گوگل و یاهوو و ســایتەکانی هاوشێوەی ئەوانە، بۆ دۆزینەوەی وێنە و دەقی مەبەســت زۆر سوودمەندن. کەم کەس هەیە ڕۆژانە بۆ گەڕان بە دوای وێنەیەك یان بابەتێك سایتی گوگل نەکاتەوە، بەڵام گرفتێك کە لە سایتی گوگل و هاوشێوەکانی دا هەیە ئەوەیە، کە کاتێك سێرچ لە وێنەیەك یان مەبەســتێك دەکــەی، چەندین وێنەی هاوشــێوەت دەداتێ، کە وێنەکان لــە باری کوالیتییەوە زۆر ئاســت بەرز نین و بــۆ ئەوانەی کاری دیزاینی ڕۆژنامە دەکەن گونجاو نین. ســایتی www.freepik.com یەکێکە لەو ســایتانە کە بە ملیۆن وێنەی تێدایە کــە کوالیتان بەرزە و بۆ دیزاینی ڕۆژنامە و گۆڤار بە ســوودە. ئەوانەی کە بەڕێوەبەری سایتەکەن ڕاست بۆ ئەو مەبەســتە ســایتەکەیان داناوە. بۆیە زۆربەی وێنەکان، بۆ دیزاین کردن گونجــاون. هەرچەندە زۆربەی وێنەکان، ئەو وێنانەن کە بە فۆتۆشــۆپ و پرۆگرامە گرافیکییەکان دروستکراون لە ڕاستیدا وێنەی خەیاڵین، بەڵام ئەو وێنانەش بۆ کاری دیزاین زۆر سوودمەندن.

